# جێپەنجەی فرێزی بەلێکسیکبوو
# لە پەرەسەندنی فەرهەنگی کوردیدا

پ. ی. د. فاروق عومەر سدیق/ زانکۆی سلێمانی/ سکوڵی زمان
بەشی زمانی کوردی

سەرەتا:

گرنگیی و بەپێزیی ڕێگای بەرهەمهێنانەوەی فرێزی سینتاکسیی پێشتر سازێنراو و گۆڕینیان لەڕووی واتاوە بە کەرەسەی لێکسیکیی یەکسان بە وشەو ڕۆڵی ئەکتیڤو چالاکانەی بەردەوامی ئەو کەرەسە نوێیانەو بە بەرهەمییان لە دەوڵەمەندکردنو گەشەسەندنو پەرەسەندنو پەرەپێدانی فەرهەنگی زمانی کوردیو دەرخستنی قەوارەو تینو توانایان لەپڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەی کە ڕۆژانە ڕووبەڕووی فەرهەنگ دەبنەوەو پێویستییان بەپڕکردنەوەیە لەپاڵ سوود وەرگرتنی لەسنووربەدەرو یەگجار فراوان لێیان لە پرۆسەی (ناونان)داو ئەو بوارە سیمانتیکییە فرەلایەنانەی کە ئەو ناوانە لەژیانی مرۆڤدا، دەیگرنو بەراوردکردنی زمانی کوردی لەو ڕووانەوە بەهەندێ زمانی هاوخێزانی، هەموو ئەوانە، هاندەرو پاڵپێوەنەرو گرۆفوویی بەهێزمان بوون کە چەند لایەنێکی شاراوەو خزمەت نەکراوی لێکسیکۆلۆژی لەگەڵ خستەڕووی نرخو بەهاو سروشتو جەوهەری دیاردەی بەرهەمهێنانەوەی سەرلەنوێی کەرەسە زمانێکانو بەرهەمە بەدەست هاتۆکانی ئەو پرۆسە زمانییە بۆ یەکەمجار لە مێژووی لێکۆڵینەوە زمانەوانییە کوردیەکاندا، لەچوارچێوەی ئەم باسە زانستییەدا یەکلایی بکەینەوە.

ئەم باسە لە سەرەتاو دەروازەو دوو(٢) بەشو ئەنجامو پێکهاتووە:

<u>یەکەم بەش:</u>

I. بەرهەمهێنانەوەو دەوری (وشەسازی بەڕێگای سینتاکسیی) لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زماندا.

<u>دووەم بەش:</u>

I. فرێزی بێئیزافەو ئیزافەی قایمکراو و قورسایی کێشو بەرهەمیان لەفەرهەنگی کوردیدا.

**دەروازە:**

زمان یەکێکە لە سستێمە سیگناڵییە ئەسڵێکانو سەرەکیترینو گرنگترین هۆی تێکەڵاوبوونی ئەندامانی ئەو کۆمەڵە مرۆڤیە کە هەر ئەو سستێمەش، دەبێت بەهۆی (وەسیلە)ی گەشەسەندنی بیروهۆشیانو گەیاندنی کلتوورو داب‌ونەریتی مێژوویی‌و هەندێ لایەنی تریش کە دەچنەوە ناو ئەو چوارچێوانە.(١)

مرۆڤ لە هەموو کاتو زەمانێکدا، زمان وەك گەورەترینو کاریگەرترین چەك بۆ جێکردنەوەی خۆی لە کۆمەڵداو کارکردن وەك ئەندامێکی کاراو بەرهەم هێنەر بەکاردەهێنێت. ژیان، هەمیشە لە گۆڕاندایە، ئەرکی زمانو گرنگیی لەوەدایە کە لە گشت سەردەمێکدا، شان بەشانی تێکڕای ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتیانە دەڕواتو بڵاوبوونەوەو چەسپاندنیانی کەوتۆتە ئەستۆ. زمانیش بۆ بەجێهێنانی ئەرکی جێگیرکردنو پاراستنو دەربڕینی ئەو بیرانەی کە بەری چەندەها ساڵی کارکردنی فاکتەری هەمەجۆرەنو پەیتا پەیتا لەعەقڵو هۆشی قسەکەرانیدا، سەرهەڵدەدەن، نەوەستاوە، بەڵکو بە چەندین ڕێگاو وەسیلە هەوڵ دەدات دەریان بڕێت.

یەکێك لەو ئاستانەی زمان کە هەمیشە لە شڵەقاندنو گۆڕاندایە، لێکسیکۆلۆژییە. ئەرکی هەرە گرنگی دانەی سەرەکی ئەم ئاستەش کە وشەیە بەژداری کردنی دیارو بەرچاوێتی لە پرۆسەی (ناونان)دا کە بێوەستان لەنوێبوونەوەدایە. ڕێگایەك لەو ڕێگایانەی کە فەرهەنگی زمان لەناوناندا، دەیگرێتەبەر، بەرهەمهێنانەوەی سەرلەنوێی پێکهاتەی سینتاکسیی‌و وشەو ئەو پێکهاتە زمانیانەی ترە کە بە پرۆسەی بەلێکسیکبوون (lexicalization)(٢) یەکسان دەبن بە وشە.

لە زمانەوانیدا بەرامبەر بە نوێباویی‌و نوێسازیو نوێبوونەوە، زاراوەی (نیۆلۆگیزم neologism) بەکاردەهێنرێت کە لە وشە گریکی {(نوێ) neos + (وشە) logos} سازکراوە.(٣)

(بوداگۆف) دەربارەی (نیۆلۆگیزم) نووسیوێتی: نیۆلۆگیزم وشەی نوێ، یا پێکهاتەی زمانیی تازەن کە دێنە ئاراوەو پەیوەندییان بەبەرزبوونەوەی ڕادەی کلتوورو تەکنیکەوە هەیەو بەگەشەسەندنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتێکانو هەل‌ومەرجی ژیانی مرۆڤەوە بەستراونەتەوە، بەڵام گرنگە بزانرێت کە نیۆلۆگیزمەکان وەك جسمێکی غەریب‌و نامۆو شتێکی نەشاز بە سستێمی لێکسیکیی‌و گراماتیکیی خۆیان بەرۆحو ناخی زماندا، ناکەن، بەپێچەوانەوە، ئەمانە لێکسیکەکان، تازەدەکەنەوەو تەواوو کامڵو دەوڵەمەندیان دەکەن. لەپاڵ ئەمەشدا، سەرلەنوێ کەرەسە زمانییە کلاسیکێکانی پێشوو بەفەرهەنگی قایمی بنەڕەتی زمانەوە، دەبەستنەوە. ئەمەش بەتەواوەتی

---

١- ئو. س. ئەخمانۆڤا، فەرهەنگی زاراوە زمانەوانێکان، مۆسکۆ، ١٩٦٦، ل٥٣٠.

٢- بەلێکسیکبوون (lexicalization) گۆڕانی پێکهاتەی وشەی فرێزی قایمکراوە کە لە زماندا، وەك یەکسان بەتاکە وشە، ئەرك دەبینێت، نموونەی: ڕێگای ئاسنین، قارچکی سپی، کرێی ئیش‌و..... بەلێکسیکبووش بەو پێکهاتەیە لە وشە دەوترێت کە ڕۆڵی یەکسان بەوشە، دەبینێت. بڕوانە:

د.ئێ. ڕۆزینتاڵ، م، ا. تیلینکۆڤا، فەرهەنگی ڕابەری زاراوە زمانەوانێکان، مۆسکۆ، ١٩٧٦، ل١٦١، ١٦٢.

٣- د.ئێ. ڕۆزینتاڵ، م، ا. تیلینکۆڤا، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٧.

ئاشکراو دیارە، چونکە ئەگەر بهاتایە نیۆلۆگیزمەکان، زمانیان بلەرزاندایە لەڕەگو ڕیشەوە، سەرجەم فەرهەنگی زمانیان دەگۆڕیو تازەدەکردەوە، ئەوکاتە مرۆڤی پشتە جیاجیاکان، نەیان دەتوانی لەیەکتری بگەن، زمانیش نەدەبووە بە هۆ (وەسیلە)ی گشتی تێکەڵاوبوون.

لەڕاستیدا، ئەمە ڕوونادات. نویێ لە زماندا لەسەر بناغەیەکی فراوانی کۆن، گەشەدەسێنێت، ئەو کۆنە بەکاردەهێنێتو لەگەڵیدا، دەژیو کاری تێدەکات.[٤]

بەلای (ئەخمانۆڤا)وە، (نیۆلۆگیزم) بریتییە لە: وشە، یا پێکهاتەی زمانیی تر کە بۆ ناونانی شتێك کە پێشتر نەبووبێت، یا دەربڕینی چەمکێکی نویێ، هاتوونەتەئاراوە[٥].

(ڕۆزینتاڵو تیلینکۆڤا)ش، وای بۆ چوون کە (نیۆلۆگیزم): وشە، یا پێکهاتەی زمانییە کە ناونانی شتی تازە، یا دەربڕینی چەمکێکی نویێ سازکراو، دەگرێتەوە.[٦]

## یەکەم بەش

## بەرهەمهێنانەوەو دەوری (وشەسازی بەڕێگای سینتاکسیی) لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زماندا

بەشداری کردنی بەرچاو لەپرۆسەی (ناونان)دا، یەکێکە لە ئەرکە هەرە گرنگەکانی وشە، بەڵام لە سنووری دیاریکراودا، فرێزو ڕستەش لە توانایاندایە ئەرکی (ناونان) ببینن.[٧]

هەر بیرێك، یا شتومەکێکی تازە کە دێتە ئاراوە، وا پێویست دەکات کە ناویان لێ بنرێت، زمانیش بەتەنیاو بەو گەنجینە وشەیەی کە هەیەتی لە توانایدا نییەو فریای ئەوە ناکەوێت کە بەو کەرەسە سنووردارەی لەباریدایە، ناو لە گشتیان بنێتو هەر بەشیشیان ناکات، بۆیە بە پرۆسەی نیۆلۆگیزم بە پێکهاتە زمانییە واتادارە پێشتر سازبووەکانی خۆیدا، دەچێتەوەو بەرەو بەلێکسیکبوون، ئاڕاستەیان دەکات.

(ستیپانۆڤ) بەرامبەر بە پۆلێنکردنی فرێزە ڕووسییەکان کە لەلایەن (ڤینۆگرادۆڤ)ەوە کراوە، نووسیویێتی: پۆلێنکردنی دانە فرێزەکانی ڕووسی بەچاوو بەقەسدی بەستنەوەیان بەسەرجەمی لێکسیکەکانەوە، دەکرا، ناونرایە (بەرەوبەلێکسیك چوون)، یا لێکسیکیی.[٨]

زمان لەو بەخۆداچوونەوەیدا، چەندین ڕێگا بۆ بۆ گەشەکردنو دەوڵەمەند کردنی خۆی دەگرێتەبەر تا بەهۆیانەوە بتوانێت دەربڕی گشت بیرو شتومەکێکی تازە سەرهەڵدراوو تازەپەیدابوو، بێت.

---

[٤]- ر. ا. بوداگۆڤ، لێکۆڵینەوە لە زمانەوانیدا، مۆسکۆ، ١٩٥٣، ل٥٦.

[٥]- ئو. س. ئەخمانۆڤا، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦١- ٢٦٢.

[٦]- د.ئێ. ڕۆزینتاڵ، م، ا. تیلینکۆڤا، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٧.

[٧]- ن. م. شانسکی، لێکسیکۆلۆژی ئەمڕۆی زمانی ڕووسی، مۆسکۆ، ١٩٧٢، ل١٢.

[٨]- یو. س. ستیپانۆڤ، بناغەی زمانەوانی گشتی، مۆسکۆ، ١٩٧٥، ل٥٦.

(خاتەمی) لەباسی (ڕێگاکانی دەوڵەمەندبوونی فەرهەنگی فارسی)دا، چەند ڕێگایەکی ئونیڤەرسالی نیشان داوە کە بەهۆیانەوە فەرهەنگی زمانەکانی جیهان گەشەدەکەن‌و پەرەدەسێنن‌و دەوڵەمەند دەبن.[٩]

ئێمەش، لەبەر گرنگیی‌و ئونیڤەرسالیی ئەو ڕێگایانەو پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بەم باسەمانەوە، بە پەسەندمان زانی کە بەو دیاگرامەی خوارەوە، بیانخەینە بەرچاو:




پێویستە بوترێت کە فەرهەنگی زمانەکانی جیهان بەشێوەی جیاوازو دیارە بەدەربڕینی جیاوازیش، هەریەکە بە پێی سروشتی تایبەتی خۆی، بۆ دەوڵەمەندکردنی خۆیان، کەڵك‌و سوودیان لێ بینیووە.

دەتوانین بڵێین، تێکڕای ئەو نیشانانە بەدەوڵەمەندبوونی فەرهەنگی زمانی کوردییەوە بەدی دەکرێن‌و کوردییش، وەك زمانەکانی تری جیهان بۆ گەشەکردن‌و پەرەسەندنی خۆی هەر ئەو ڕێگایانەی گرتۆتەبەر، بەڵام لەم ساڵانەی دوایدا، سوود لە چەند ڕێگایەکی تری وەك،

---

[٩]- ن. ز. خاتەمی فەرهەنگی زمانی فارسی‌و ڕێگاکانی دەوڵەمەندبوونی، (کورتەی نامەی دوکتۆرا بەزمانی ڕووسی)، باکۆ، ١٩٦٨، ل١٧، ١١٦.

(ئەبریڤەیشن‌و ئەکرۆنیم‌و..)یش لەسنوورێك دیاریکراودا بەتایبەتی لە زمانی نووسیندا، بینراوە، بۆ نموونە ئەمانە ئەبریڤەیشنن: {(د.) لەباتی دوکتۆر، (پ.) لەباتی پرۆفیسۆر، (م.) لەباتی مامۆستاو.....}. ئەمانەش ئەکرۆنیمن: {(پ.د.ك) پارتی دیموکراتی کوردستان، (ی.ن.ك) یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، (ك.ژ.ك) کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان‌و.........}

مرۆڤ لەدێرزەمانەوە هەوڵی داوە بۆ چەندین جار، سوود لەو کەرەسانە ببینێتەوە کە پێشتر لە بوارە جیاجیاکانی ژیانی ڕۆژانەیدا بەکاری هێناون. پەرەنیسبی ئیش کردن بەمادەی بەکارهاتوو (إعادة التصنیع) لەهەندێ پیشەسازی وەك: (ئاسن‌و پلاستیك‌و شووشەو دارو تەختەو مادەکانی بیناسازی‌و کاغەزو قوماش‌و.....) تا ئەمڕۆ لەئارادایە. بەبیرو بۆچوونی ئێمە کارکردن بە پرەنسیپی سەرلەنوێ بەکارهێنانەوەی کەرەسەی بەکارهاتوو بووە بە بناغەی سەرهەڵدانی بیرکردنەوەی دیسان بەکارهێنانی کەرەسە زمانێکانیش، واتە (إعادة الانتاج) بەتایبەتی لە بەهانا هاتنی فەرهەنگ لە پرۆسەی (ناونان)دا.

گشت بیرو چەمکێکی ئەبستراکتیی کە بە کەرەسەکانی زمان دەردەبڕێن لە بنجدا لەئەنجامی تاقیکردنەوە کەڵەکەبووە یەك لەسەر یەکەکانی چەندەها ساڵی کارکردن‌و تێکۆشان‌و خەباتکردن لەپێناوی زاڵ بوون بەسەر سەختی سروشت‌و خۆگونجاندن تیایدا، پێیان گەیشتووەو دەرس‌و خیبرەی وەرگرتووە لێیان، هەڵهێنجراون.

کارکردن بە پرەنسیپی بەرهەمهێنانەوە (reproduction) لەژیانی ڕۆژانەداو ئیش کردنی زمان خۆشی پێی لە دیاردەی (نیۆلۆگیزم)و بۆ پرۆسەی (ناونان) لەهەردووکیاندا، دەچنە ناو چەمکی گەورەو گرنگ‌و بنجداکوتاو لە مێشکی مرۆڤدا کە ئەویش (ئابووریکردن)ە.

(وشەسازی بەڕێگای سینتاکسیی) یەکێکە لەو ڕێگا ئەکتیڤ‌و چالاك‌و بەپێزو بەرهەمانەی کە لەگەشەکردن‌و پەرەسەندنی فەرهەنگی کوردیدا، شوێن پەنجەی بەڕوون‌و ئاشکرا، دیارە. بەم ڕێگایە، چەندین پێکهاتەی سینتاکسیی سازێنراوی پێشوو بەرهەمهێنراونەتەوە، بەڵام لەبەر سنوورداری باسەکەمان، ئێمە تەنیا لەو فرێزانە دەکۆڵینەوە کە بەبێ ئیزافەو ئیزافە ناویان دەرکردووە کە لە بنجدا، پەیوەندی (attributive) ئەتریبوتیڤیی کۆمپانێنتەکانیانی بەیەکەوە، گرێداون‌و دوای قایمکردنیان، یا چەسپاندنیان بەرەو بەلێکسیکبوون‌و یەکسان بە وشە، چوون.

لەزمانەوانی کوردیدا، چ لە کوردستان‌و چ لەدەرەوە، ئەوەندەی ئێمە ئاگادارین، ئەو فرێزانە بەگشتی لەچوارچێوەی سینتاکسدا، ناویان هێنراوە، هەر بەچاوی کەرەسەی ئەمرۆش، دوور لەمێژوو، سەیریان کراوەو دەستیان بۆ براوە.[10] بەڵام (تۆفیق وەهبی) لە باسی ناوی لێکدراودا، ئاماژەی بۆ چەند ناوێکی بەزاراوەی خۆی (لێکدراو) کردووە کە بەڕای ئەو لەو پێکهاتانەی ناوی

---

[10]– بڕوانە: سەعید سدقی کابان، موختەسەری نەحو و سەرفی کوردی، بەغدا، ١٩٢٨، ل١٤، چ.خ. باکایێڤ، لێکۆڵینەوەیەکی کورت لە گراماتیکی زمانی کوردی (لەپاشکۆی فەرهەنگی کوردی – ڕووسی)، مۆسکۆ، ١٩٥٧، ل٥٣٨– ٥٤٥، نوری عەلی ئەمین، ڕێزمانی کوردی، سلێمانی، ١٩٦٠، ل٧٨، چ.خ.باکایێڤ، زمانی کوردی یەکیەتی سۆڤیەت، مۆسکۆ، ١٩٧٣، ل٩٤– ١١٥، ك.ر. ئەیوبی، ئی. ا. سمیرنۆڤا، دیالێکتی کوردی موکری، لێننگراد، ١٩٦٨، ل٢٠، ك.ك. کوردۆیێڤ، گراماتیکی زمانی کوردی، مۆسکۆ، ١٩٧٨، ل٦٩– ٧٨.

ناون (تەواوکەری ناو) دروست کراون بۆئەوەی بەلای سروشتو بناغەی ئەو پێکهاتانەو چۆنیەتی بوونیان بە وشەی لێکدراودا، بچێت. ئەمانە هەندێکن لەو نموونانەی کە نیشانی داون:

داری گوێز>دارگوێز، داری گیلاس>دارگێلاس، خانی سووتاو>خانەسووتاو، مریشکی بەکڕ> مریشکە بەکڕ، چاوی باز>چاوباز، گەردنی قاز>گەردن قاز، بای ڕەش>ڕەشەبا، گیای سەوز> سەوزەگیا.[11]

لەگەڵ ئونیڤەرسالیی ئەو ڕێگایانەدا کە فەرهەنگ پێیان دەوڵەمەند، دەبێت، وەك پێشتریش، ئاماژەمان پێکرد، لە هەر زمانە، یا گروپە زمانە، یا دوورتر بڕۆین، لە هەر خێزانە زمانێکدا بەجۆرێك بۆ خۆیان بەکاریان دەهێنن کە جیاواز دەبن لەیەکتری. سروشتی تایبەتێتی پێکهاتەی ئەو زمانە خۆیی و جۆرو چەشن و ژمارەی ئەو فاکتەرە بزوێنەرانەی کە لە گۆڕانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتێکاندا، دەستی باڵایان، هەیە کە لە کۆتایشدا، هەر ئەوانن کە ئەنسترومێنتی زمان بەهەموو ئاستەکانییەوە بەو ئاڕاستانەدا، دەبەن کە لە خزمەتی ئەواندا، بن و شان بەشانیان دەیجولێنن، لەبەرئەوە بەپێی سەردەم و بارودۆخی مێژوویی ژیانی قسەکەرانی زمانەکە خۆی و چۆنێتی بیرکردنەوەو تێڕوانینیان بۆ سروشتو دەوروبەرو جەوهەری پێکهاتە زمانێکەو لەباری و نالەباری و خۆگونجاندنی لەگەڵ هەموو گۆڕانێکدا کە بەسەر کۆمەڵدا، دێن، ئەوانەو گەلێك فاکتەرو هۆی تر، جولێنەرو سنووردانەرو حوکومکەری بەرزی و نزمی تەرمۆمەتری بەپێزیی و بەرهەمیانن.

جێی سەرنجدانەو، وەك دەرکەوتووە لە چەندین زماندا، یەکێك لە ڕێگا ئەکتیڤ و بە بەرهەمەکان (وشەسازی بەڕێگای سینتاکسی)یە. هەر بۆ نموونە، (ئارنۆلد) لەباسی (دەوڵەمەندبوون فەرهەنگی زمانی ئینگلیزی لەسەر حیسابی فرێزە قایمکراوەکان)دا، نووسیوێتی: دەوڵەمەندبوونی فەرهەنگی هەر زمانێك بگریت لە ناویشیاندا، هی زمانی ئینگلیزی، تەنیا بە پشت بەستن بە سازکردنی وشەی نوێ بەڕێوەناچێت، بەڵکو لەسەر حیسابی پڕکردنەوەی بەدەربڕاوە جێگیربووەکانیش، مەیسەر دەبێت.

فرێز لەوانەیە کراوە (a free combination) و قایمکراویش (a set expression) بێت. یەکەم جۆریان لە سینتاکسداو دووەمیان لە لێکسیکۆلۆژیدا لێیان دەکۆڵرێتەوە.[12] واتر بەجیا لەباسی فرێزی قایمکراودا، ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەم جۆرانە لەناوخۆیاندا بەسەر دوو گروپی گەورەدا، دابەش دەبن:

١- فرێزی پێکهاتەی قایمکراوی ئەسڵیی، یا حەقیقیی.

٢-فرێزی دانەئیدیۆمێکان.[13]

---

[11]- تۆفیق وەهبی، دەستووری زمانی کوردی، بەغدا، ١٩٢٩، ل٥٦، ٥٧، ٦٨.

[12]- ئی. ڤی. ئارنۆلد، لێکسیکۆلۆژی ئەمڕۆی زمانی ئینگلیزی، مۆسکۆ، ١٩٥٩، ١٨٧.

[13]- ڕاستە بەشێك لەبەرهەمی فرێزە ئیزافێکان و بێئیزافێکان کە بەشدارییان لەپرۆسەی پەرەسەندن و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی کوردیدا، کردووە (ئیدیۆم)ن، بەڵام وەزن و کێشیان لە بەبەرهەمیدا لەچاو نا ئیدیۆمێکاندا، ئەوەندە کەمە بەراورد ناکرێن، بۆیە لەم باسەماندا، قورسایی سەرەکیی و هەرە زۆرمان، خستۆتە سەر

گروپی یەکەمیشی بەم شێوەیە، ڕوون کردۆتەوە: پێکهاتەیەکی میتافۆڕەو هەستو نەست، ناجوڵێنێت، قسەکەر پەیوەندیی بەبابەتی قسە لەسەرکراوکەوە نییەو زۆربەی کات، تەنیا ناوی ئەو چەمکەیە کە بەهۆی ئەوە، دەردەبڕێت.

(ئارنۆڵد) لەباسی قەوارەو سنووری بەکارهێنانی ئەم جۆرە لە ئینگلیزیدا، دەڵێت: لەگەڵ ئەو سنوورە پانو بەرینو فراوانەی کە بەرهەمەکانی ئەم فرێزانە لەفەرهەنگی ئینگلیزیدا، گرتوویانە، بەڵام ئەوەندە لێیان نەکۆڵراوەتەوە، ئەوەشی کە کراوە، زیاتر دەربارەی (ناوو کار)ن کە بەم ڕێگایە سازێنراون. ئەنجا سەبارەت بە ستراکچەری فرێزە ناوێکانی ئەم چەشنە پێکهاتانە، نووسیوێتی: ئەمانە لەناو پێك دێنو بە وشەیەك، یا چەند وشەیەك، شەرح دەکرێن. لەڕووی ستراکچەری سینتاکسیانەوە، دەکرێت بە (ئەتریبووتیڤیی) ناوبنرێن وەك پەیدابوویش لە (دەرخراوو دەرخەر)، تەماشایان بکرێت، بەڵام بەڕاستی لەقسەکردندا، وەك شتێکی کامڵبوو و تەواوبەکاردێن، لەبەرئەوە (یەك) ئەندامی ڕستەش، پێك دەهێنن. بەباشمان زانی بۆ بەرچاوڕوونی زیاتر، نموونەکانی (ئارنۆڵد)و لای ئێمەشەوە، بەرامبەرەکانیان بە کوردی بەم خشتەیە، نیشان بدەین:

| بەزمانی ئینگلیزی | بەرامبەری بە زمانی کوردی |
|---|---|
| department store | سۆپەرمارکێت |
| health resort | هاوینەهەوار |
| higher school | قوتابخانەی باڵا |
| labor productivity | بەرهەمهێنانی کار |
| reading hall | هۆڵی خوێندنەوە |
| mineral resources | سامانی سروشتی بەسوود |
| point of view | بۆچوون |
| registered letter | نامەی موسەجەل |
| state farm | کێڵگەی دەوڵەتی |
| telephone exchange [١٤] | بەدالەی تەلەفۆن |

لە زمانی فارسیشدا، (خاتەمی) دەربارەی دەوڵەمەندبوونی فەرهەنگی ئەم زمانە بە (وشەسازی بەڕێگای سینتاکسیی)، وتوویەتی: {یەکێك لەڕێگاکانی دەوڵەمەندبوونی فەرهەنگی گشتی زمانی فارسی (وشەسازی بەڕێگای سینتاکسیی)یە. بەڕیزو بەکۆمەڵ وشەی گران لەم زمانە هەن کە لەبنجدا، سازبوویی فرێزی ئیزافەن. لەو جۆرانەیاندا کە لەئەنجامی تێپەڕبوونی کاتو زۆری

---

لێکۆڵینەوە لە فرێزی بێئیزافەو ئیزافەی نائیدۆمیی، بەڵام هەندێجار لەبەر پێویستی باسەکە لە سنوورێکی تەسكو تایبەتیدا بەلای ئیدیۆمێکانیشدا، چووین.

[١٤]- ئی. ڤی. ئارنۆڵد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٨، ١٨٩.

بەکارهێنانیان، (دەرخراوو دەرخەر)ەکانیان واتای لێکسیکیی خۆیان لەدەست داوەو لە دوا قۆناغدا لەفرێزەوە بوون بەدانەیەکی لێکسیکی، یا فەرهەنگی:

لەپرۆسەی گۆڕانی فرێزی ئیزافە بە وشەی گران (٢) دوو دیاردە بەرچاودەکەون:

یەکەم: ئەوەیە کە پێی دەوترێت (اضافهٔ مقلوب)، واتە هەڵگەڕانەوەی ئیزافە کە تیایدا نیشانەی ئیزافە (ێ e)کورتکراوەتەوە، وەك: بتخانە، خونبها (حەقی خوێن)

دووەم: وەختێك کە بەهۆی مانەوەی فۆڕمی گراماتیکییەوە، واتە بە مانەوەی نیشانەی ئیزافە، فرێزەکە دەگۆڕێت بە وشەیەکی گران، وەك: رختخواب (جێگای نووستن)، تختخواب (قەرەوێڵە).

گروپێکی تر لە وشەی گران هەیە کە بەهەمان ڕێگا سازێنراون، بەڵام جیاوازێکانیان ئەوەیە کە نیشانەی ئیزافە تیایاندا، کورتکراوەتەوە، وەك: برادرزن (ژنبرا)، مادرزن (خەسوو). [١٥]

جێگای سەرنجە کە (خاتەمی) زاراوەی وشەی گرانی بەرامبەر بە فرێزی ئیزافەی قایمکراو بەکارهێناوە. لەڕاستیدا، کاتێك بەو پێکهاتانە دەوترێت، وشەی گران کە تیایاندا هیچ ئاسارێکی نیشانەی ئیزافە بەرگوێ نەکەوێت، ئەوسا دەتوانرێت، پێیان بوترێت وشەی گران، بەڵام بە وجودی نیشانەی ئیزافە تائێستا لەو پێکهاتانەدا، لەبەرئەوەی تایبەتێتییە سینتاکسێکانیان جارێ هەر پێوەماوە، ناکرێت وشەی گرانیان پێبوترێت، بەڵکو فرێزی ئیزافەی قایمکراویی یەکسان بە وشەن.

لە کتێبی (دستور زبان فارسی) (پنج استاد)و لە باسی (اقسام اضافه)دا، چەندین فرێزی ئیزافەی هەمەجۆر بەنموونە هێنراوەنەتەوە. بەچاکمان زانی بەشێکیان، بخەینە بەرچاو، وەك: جام جم، فکر کار، خاتم سلیمان، مردم ایران، بزم بهرام، رزم رستم، گنبد اسمان، دست روزگار، چشم دهر، دست ستم، خارغم، هلال ابرو، سیل سرشك، پردە خاك، روز ادینە، طفل شکوفە، برگ درخت، انگشتر نقرە، مراوید اشك، خانهٔ دل، صندوق سینە، درخت سیب، درخت سرو، دیوار باغ، اب قناتو........[١٦]

(خوشینۆڤا) بە کتێبێك کە ناوی (دانە فرێزێکانی ئیزافە لە زمانی تاجیکیدا)یە، لە هەموو ڕوویێکەوە لەفرێزی ئیزافەی کۆڵیوەتەوە. لەباسی (دانە فرێزە ئیزافێکان وەك یەکێك لە ستراکچەرە بەبەرهەمەکانی جۆری فرێز لە زمانی تاجیکیدا) ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە فرێزی ئیزافە لە زمانی تاجیکیدا جێو شوێنێکی پانوبەرینو فراوانی لەناو پێکهاتەکانی تری زمانی تاجیکیدا، گرتووە. پۆلی ستراکچەری دانە فرێزە ئیزافێکان، دەچنە چوارچێوەی بە بەرهەمەکانەوە، ئەمەش لەبەرئەوەیە کە لە بنچو بناغەدا لەسەر بیناو پێکهاتەی ئیزافە دروست کراون کە یەکێکە لە تایبەتێتە دیارەکانی سینتاکس. لەسەر ئەساسی ئەم پێکهاتەیە، جگە لە فرێزی کراوە، ژمارەیەکی زۆر لەفرێزی قایمکراو، پەیدا دەبن کە وەك واتای سابیت بەشتومەكو دیاردەدا، دەچەسپێن.

(خوشینۆڤا) فرێزی ئیزافە لە تاجیکیدا بەپێی ئاستی بەکارهێنانیان، دەکات بە دوو بەشەوە:

---

[١٥]- خاتەمی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٣، ١٠٨، ١٠٩.

[١٦]- عبدالعظم قریب، جلال همایی، رشید یاسمی، ملك الشعرای بهار، بدیع الزمان فروزانفر، دستور زبان فارسی (پنج استاد)، چاپ پنجم، تهران، ١٣٨٩، ص٥٠- ٥٣.

- فرێزی ئیزافەی کراوە         (لە ئاستی سینتاکسدا)
- فرێزی ئیزافەی قایمکراو    (لە ئاستی لێکسیکۆلۆژیدا)

بەپێی بوونی ئەم مەرجانەش فرێزی قایمکراو، دەست نیشان دەکات:

١- بەرهەمهێنانەوەی وەك چەشنێك لە دانەی واتاداری پێشتر ئامادەکراو.
٢- جێگیریی و سابیتیی ستراکچەرو پێکهاتەی لێکسیکیی.
٣- لەدەست دانی تایبەتێتی سینتاکسیی پێشووی کۆمپانێنتەکان بەشێوەی جیاواز.
٤- یەکگرتوویی واتای گشتی.[١٧]

دواتر لەباسی (جۆری دانە فرێزە ئیزافێکان بەگوێرەی پلەی بەیەکدانووساویی کۆمپانێنتەکان) دەڵێت: لەڕاستیدا بەگوێرەی پەیوەندی واتای گشتی فرێزەکان بەواتای یەك یەکی کۆمپانێنتەکانەوە، جیاوازیی پلەی نووساویی سیمانتیکیی دانەکان، دەردەکەون،
هەر لە تەواو جیانەکردنەوەی سیمانتیکیی، لێڵی واتای گشتی ئیدیۆمەکانی وەك:

{<u>kor</u>     i <u>nomad</u> (نەهامەتیی، بێشانسیی)}
٢            ١

کۆمپانێنتی یەکەم، زیاتر لە چوارچێوەی فرێزی قایمکراودا بەرچاودەکەوێت، کۆمپانێنتی دووەمیش، (kor) واتە (کار)ە. تا دەگاتە کەمترین پلەی نووساویی سیمانتیکیی دانە نائیدیۆمییەکان کە واتای گشتییان لە واتای کۆمپانێنتەکانیانەوە، دێن، واتە بەوانەوە بەستراونەتەوە، وەك:

Kura i zamin (کوڕەی زەوی)، Ittifoq i Soveti (یەکیەتی سۆڤێت).[١٨]

لە زمانی تاجیکیدا، بەڕیز فرێزی ئیزافەی قایمکراو هەیە کە لە پەیوەندی لێکسیکیی و گراماتیکییدا، تەواو کراوە، نین، وەك: qutti i počta (سندوقی پۆستە، یا بەرید)، ruz i mehnat (ڕۆژی ئیش)، roz i kor (ڕۆژی کار)، xocagi i qišlok (کشتوکاڵ)و..... ئەمانە نیشانە سەرەکێکانی فرێز (بەرهەمهێنانەوە، سابیتیی، لەدەست دانی تایبەتێتی سینتاکسیی پێشووی کۆمپانێنتەکان، یەکگرتوویی واتای گشتی) یان، تیادایە. ئەم پۆلە بەتەواوەتی لە پێکهاتە قایمکراوەکانی تر بەوە جیادەبنەوە کە واتای گشتییان لەگەڵ واتای کۆمپانێنتە پێکهێنەرەکانیان، یەك دەگرنەوە، لەبەرئەوە لەبارترو مەقبوڵ ترە کە ئەمانە لەناو گروپی سیمانتیکیی نائیدیۆمییەکان کە واتاکانیان ڕاستەوخۆ بەهۆی کۆمپانێنتەکانیانەوە واتاکانیان ڕوونن، دابنرێن. (خوشینۆڤا) دەربارەی یەکسانی کێشی واتایی فرێزی ئیزافەی قایمکراوی(<u>qutti</u> i + <u>počta</u>) نووسیوێتی: یەکەم کۆمپانێت

A          B

---

١٧- س. ڤ. خۆشینۆڤا، دانەکانی فرێزە ئیزافێکانی زمانی تاجیکی، دووشەنبە، ١٩٧١، ل١٩، ٣٠
١٨- س. ڤ. خۆشینۆڤا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٣.

کە (قوتی)یە، واتە (سندوق) لەواتادا، هەموو سندوقێك، ناگەیەنێت کە لەو دایرەیەدا، هەڵواسرابێت، بەڵکو تەنیا بەو سندوقە دەوترێت کە تایبەتە بە نامەناردن لێوەی، کەواتە ئەو دوو کۆمپانێنتە: (قتو، پۆستە) بەرلەوەی لەو فرێزەدا یەکبگرن‌و دوای یەکگرتنیشیان کێشی واتاییان بەیەك یەکسان نین، بەڵکو واتای گشتی هەردوو کۆمپانێنتەکە لە چوارچێوەی فرێزە سازبووەکەدا، نزیکە لە واتای هەردوو کۆمپانێنتەکە بەرلەوەی بچنە فرێزی ئیزافەوە کە لە حاڵەتی کراوەدا بوون.

دەکرێت، پرۆسەی هاوتاکردنی یەکسانی کێشی واتایی کۆمپانێنتەکانی ئەو فرێزە، پێش لێکدانیان‌و دوای یەکگرتنیان بەم فەرمۆڵەیە (formula)، یا موعادەلەیە، نیشان بدەین:

A + B ≈ A+B

کۆمپانێنت    کۆمپانێنت    فرێزی ئیزافەی قایمکراویی نائیدیۆمیی

ئەو فەرمولەیە ئەوە دەگەیەنێت کە واتای گشتی فرێزە سازبووەکە نزیکە لەگەڵ واتای پێکەوەی هەردوو کۆمپانێنتەکە کە بەرلەوەی بچنە ناو ئەو فرێزەوە، واتە یەکسان نین بەیەك، بەڵکو تەنکە، یا سووکە جیاوازییەك لەیەکسانی کێشیاندا بەدی دەکرێت، بەڵام هەر ئەم پلە کەمە لە نووساویی سیمانتیکیی ئەم فرێزە نائیدیۆمییە بە بەراوردلەگەڵ پلەی سفری نووساویی فرێزی کراوەدا کە بەو فەرمولەیەی خوارەوەو بەو نموونەی تاجیکیە نیشانی دەدەین، گرنگیی خۆی هەیەو هەر بەو نووساوییەیش لە فرێزی کراوە، جیادەکرێتەوە.

Bino i počta

A B

فرێزی کراوە

A + B = A+B

پێش فرێز[19]    فرێزی کراوە

بەکورتی پلەی نووساویی کۆمپانێنتەکانی فرێزە ئیزافێکانی تاجیکی کە دەستنیشانکەری واتای گشتییانن بەو شێوەی خوارەوە، نیشان دەدەین.




[19]– س. ڤ. خۆشینۆڤا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٤.

## دووەم بەش

## فرێزی بێئیزافەو ئیزافەی قایمکراو و قورسایی کێش‌و بەرهەمیان لەفەرهەنگی کوردیدا

لە زمانەوانیدا بەم شێوەیە، باسی سروشت‌و پەیوەندی فرێز، وەك دانەو کەرەسەیەکی سینتاکسیی بە (وشە)ەوە کراوە: پێش هەموو شتێك، فرێز وەك وشە، ئەرکی کۆمۆنیکاتیڤی لەزماندا، تەنیا لەڕێگای ڕستەو پێکهاتەکانییەوە، دەبینێت. هەروەك وشە، یا دەبێت بەمادە بۆ بیناکردنی ڕستەو تیایدا، ئەرکی هەمەجۆر، جێبەجێ دەکات، یا سەرلەنوێ خۆی ڕێك دەخاتەوەو ڕستەی سەربەخۆ دروست دەکات‌و بەم چەشنە دەچێتە ناو قسەوە، لەبەرئەوە، دەتوانرێت لە پێکهاتەی ڕستەدا، وەك ئیلیمێنتی (عونسور)ی ستراکچەری لە فرێز بکۆڵرێتەوە. لەلایەکی ترەوە، دەشکرێت لە دەرەوەی ڕستە، وەك شێوە جیاوازەکانی (ناوی گران) لێیان بکۆڵرێتەوە.[٢٠]

نزیکیی فرێز لە وشەوە لەو توانا و ئامادەییەدا، دەردەکەوێت کە وەك وەسیلەو ڕێگا بۆ ناونانی شت‌ومەك‌و دیاردەو ڕووداو و کواڵیتی‌و تایبەتێتی بەکاردەهێنرێت. ئەمەش، سروشتییە، فرێز خۆی دانەیەکی گراماتیکییەو لەهەمان کاتیشدا، دەربڕی جۆرێکە لە چەمك، با گرانیش بێت، ئەمە لێهاتوویی ڕەهای دانە فرێزەکانە.[٢١] هەر ئەم توانا و لێهاتووییە لەخۆیدا، یەکسانییە بەوشە.[٢٢]

کەواتە ئەرکی فرێز، دووفاقییە، لایەکی لە سینتاکسدا بەکراوەی ئەرکە جۆراوجۆرەکانی خۆی بەجێدێنێت، لایەکی تری بەشداریی کردنی بێشوماریێتی لە پرۆسی ناوناندا کە لە کراوەییەوە بەرەو بە لێکسیکبوون، دەچێت، ئەوسا بە قایمکراویی یەکسان دەبێت بەوشە.

لەڕاستیدا، گشت ئەو نیشانە تایبەتێتیانەی کە لەفرێزی قایمکراویی ئینگلیزی‌و فارسی‌و تاجیکیدا بەدیمان کردن لە کوردیشدا، وەك زمانێکی هاوخێزان‌و هاوگروپ‌و هەندێ‌جاریش، دراوسێی ئەوان، دیسان دووبارە دەبنەوە، بەڵام گومانی تیادا، نییە لەگەڵ ئونیڤەرساڵیی بوونی فرێزی قایمکراو لەو زمانانەدا، هەموو زمانێك، سروشتی پێکهاتە زمانێکانیی‌و وەسیلەکانی دەربڕینیان‌و ڕێگاکانی گەشەکردن‌و پەرەسەندنی خۆی، دەپارێزێت.

لەمێژووی زمانە ئێرانییە کۆن‌و ناوەڕاست‌و نوێکاندا، فرێز بەپێی پاش‌وپێش خستنی (دەرخەر) تیایاندا، کە خراوەتە پاڵ (دەرخراو) دەکرێن بە دوو (٢) جۆرەوە:

١- تیایدا بەپێی: (دەرخەر + دەرخراو) بێهیچ کۆنجێکشنێك، ڕێکخراوە.

---

[٢٠]- ن. ن. پرەکۆپەڤیچ، فرێز لەئەمڕۆی زمانی ئەدەبی ڕووسیدا، مۆسکۆ، ١٩٦٦، ل٥١.

[٢١]- ڤ. ڤ. ڤینۆگرادۆڤ، وتار لە کۆکراوەی: مەسەلە سینتاکسییەکانی ئەمڕۆی زمانی ڕووسیدا، مۆسکۆ، ١٩٥٠، ل٢٤.

[٢٢]- ن. ن. پرەکۆپەڤیچ، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٢.

٢- تیایدا بەپێی: {(دەرخەر + (نیشانەی ئیزافە) + دەرخراو)} ڕێکخراوە.

## جۆری یەکەم

پشت بەستن بە دەکۆمێنتە مێژوویێکان، دەرکەوتووە کە فرێزی ڕێکخراو بە پێی یاسای (دەرخەر + دەرخراو) لەپێش جۆری دووەمەوە لەکاردا، بووەو تا ئەمڕۆش بەگشتی لە زمانە ئێرانییە نوێکاندا، ئیشی پێدەکرێت، واتە لە فرێزی ئیزافە بەتەمەنترە.[٢٣]

## جۆری دووەم

ڕێکخستنی فرێز بەپێی یاسای: {دەرخەر + (نیشانەی ئیزافە) + دەرخراو} لەوەدەچێت کە لە ئاخرو ئۆخری دوا قۆناغەکانی زمانە ئێرانییە کۆنو سەرەتای دەستپێکردنی قۆناغی ناوەڕاست، هاتبێتە ئاراوەو تا ئەمڕۆ، ئەکتیڤانە کە بە فرێزی ئیزافە، ناودەبرێت بەگشتی لە زمانە ئێرانییە نوێکاندا لەکاردایە. ئێستاش بەپێویستی دەزانین کە سروشتی هەریەکە لەو دوو جۆرە بەتەنیاو بەکورتی، بخەینەڕوو.

# فـــــرێزی بێئیـــــــزافــــــە

لە زمانی فارسی کۆن (باستان)دا {(٦-٤) پ.ز} یەکەمجار ئەو جۆرە فرێزە بەنموونە دەهێنرێتەوە کە بەپێی یاسای (دەرخەر + دەرخراو)، ڕێکخراوە، وەك:

{mana kâra (مەنەکارە)}، واتە (لەشکری من)، یا (لەشکر لە من).[٢٤]

لەزمانی فارسی ناوەڕاستدا (٦٥١پ.ز – ٢٢٤ز) کە بە پەهلەویش، ناودەبرێت، (ڕەستەگوێڤا) لەبارەی شوێنی (دەرخەر) لەو زمانەدا نووسیوویێتی: لەفارسی ناوەڕاستدا، (دەرخەر) بۆی هەبووە لە پێش، یا لەپاش، (دەرخراو)ەوە، بێت. {دەرخەری پێش دەرخراو}پێویستی بە هیچ کۆنجێکشنێك، نەبووە، ئەرکی سینتاکسیی کە ڕاستەوخۆ پێش ناوە دەرخراوەکە دەکەوێت، دیاریکردنی حاڵەتە، بەگوێرەی سیمانتکیی ئەو وشەیەی کە دادەنرێت بۆی، دەتوانێت، کواڵیتی، یا خاوەنێتی (بەفراوانترین واتای وشە، چەمکی وەك، پەیوەندی بەش بەگشتو پەیوەندی عایدیەتو..) بگرێتەخۆی.

دەرخەری (کواڵیتی) ئاسایی بەم شێوەیە بووە:

أ- ئاوڵناو لە حاڵەتی ڕاستەوخۆدا، وەك:

---

[٢٣]- ئێمە بەکارهێنانی زاراوەی (فرێزی بێئیزافە) کە هەمیشە بەوە ناومان بردووە بەلەبارو گونجاو دەزانین، چونکە بێئیزافەکردنی هیچ کۆنجێکشنێك،(دەرخەر) بە(دەرخراو)ەوە، دەنووسێت کە ئەمە پێچەوانەی جۆری دووەمە کە تیایدا، (دەرخراو) بەئیزافەکردنی نیشانەی ئیزافە بە (دەرخەر)ەوە، دەلکێنرێت، هەر لەبەر ئەمەشە، ناونراوە (فرێزی ئیزافە).

[٢٤]- دکتر خسرو فرشیدورد، دستور مختصر تاریخی زبان فارسی، چاپ سوم، تهران، ١٣٩١، ص١٠٤.

kēnvar mart (پیاوی خراپ، یا پیاوی قین له دڵ)،

mastūk mart (پیاوی مەست، یا سەرخۆش)،

apārīk frahang (زانستێکی تر).

ب- ئاوڵناو لەحاڵەتی ناڕاستەوخۆ (کەمترە)، وەك:

anē karp (قاڵبێکی تر، یا شێوەیەکی تر)،

vahē ātur (ئاگری ڕەش).

دەرخەری خاوەنێتی دەکرا بەم شێوانە، دەربڕانایە:

أ- ناو له حاڵەتی ڕاستەوخۆدا، وەك:

aSvārak gāh (وەختی ڕۆژئاوابوون)،

Ōhrmazd dām (مەخلوقاتی ئاهورامەزدا)،

axtarmārān sardar (سەرداری ئەستێرەناسەکان).

ب- ناو له حاڵەتی ناڕاستەوخۆدا، وەك:

kārē dātastān (کاری دادپەروەرانە)،

āsānīhē dātār (خالقی دڵنیایی و ئارامی و سەبات).

هەمیشە، (دەرخەر) پێش (دەرخراو) کەوتووە لەو حاڵەتانەدا کە ئەمانە، دەربڕی بوونایە:

١- جێناوی ئیشارەت، وەك:

ēn dašt (ئەم دەشتە)،

ān saxuan (ئەم وشەیە)

٢- ئاوڵناو له پلەی باڵادا، وەك:

masist rāh (سەرەکیترین ڕێگا)

٣- ئەو پێکهاتانەی لەگەڵ (ēni, ēti, āni, ōyi) ئەمانەدا بەکارهاتوون:

أ- لەگەڵ ناودا کە دەربڕی خاوەنێتی، بووبێت، وەك:

ān i xuēš-v nēvakēn kunišn (کردەوەی چاکی خۆی)،

ān i druvandān ruvān (ڕۆحی گوناهباران).

ب- لەگەڵ ئاوڵناوی دەربڕی کواڵتیی، وەك:

an i asar rōšnīh (ڕووناکیی ئەزەلیی).[٢٥]

## فـــــرێـــــزی ئـــــیزافـــــە

له فارسی کۆندا، دەتوانرا بوترایە: kârahya mana (کارەهیەمەنە) واتە (لەشکری من)، یا (ئەو لەشکرەی کە ماڵی منە)، واتە (من خاوەنیم).

[٢٥]- ڤ. س. ڕەستەرگۆیڤا، زمانی فارسی ناوەڕاست، مۆسکۆ، ١٩٦٦، ل١٣٦، ١٣٧.

بەڕای (فرشیدورد)، ئەم دەربڕینە لە فارسی کۆندا، زیاتر دیاریکەرتربووە وەك لە دەربڕینە بێئیزافەکە.[٢٦]

ئەم (hya)یە لە فارسی کۆندا بەیەکگرتنی (ha)ی جێناوی ئیشارەت لەتەك (ya)ی جێناوی نسبی (ئەوەی) پێك هاتووە[٢٧] واتە بەم شێوەیە بووە:

ha + ya > hya

(فرشیدورد) دەربارەی (hya) دەڵێت: لە فارسی دەریدا بەشێوەی (ـــِـ) سووك دەرکەوتووەو شکڵی کەسرەی ئیزافەی وەرگرتووە، کەسرەی ناوبراو کە نیشانەی حاڵەتی ئیزافەیە لەڕاستیدا، جێناوی نسبیی، یا لێکدەرە.

کاتێکیش کە هاتۆتە سەرباسی: (ئیزافە لە پەهلەویدا) نووسیویێتی: حاڵەتی ئیزافە لە پەهلەویدا بە نیشانەی (i-) بەیان دەکــرێت، وەك:

sar i nêzak (ســەری نەقیزە)،

âp i sêp (ئاوی سێو)،

pahrêzh i nasâk (خۆپاراستنو دوورکەوتنەوە لە لاشەی مرداربووەوە).

پاشان لەبارەی نیشانەی ئیزافە لە پەهلەویو فارسی کۆندا، دەڵێت: وەك پێشتر، وترا، نیشانەی ئیزافە لەپەهلەویدا (i-)یە کە دەچێتە سەر (دەرخراو)، وەك:

Kârnâmak-i Artaxshêr-i Pâpakân (کارنامەی ئەردەشێری پاپەکان)

ئەم(i-)یە لە(hya-)ی فارسی کۆنەوە هاتووە، چۆتە سەر ئەو وشانەی کە کۆتاییان بە(-a)هاتبێت،وەك:

martiya (مەرد // پیاو)،

martiyahya (ـــِـ مەرد، لە مەرد) حاڵەتی ئیزافە.[٢٨]

(ڕستەرگوێڤا) سەبارەت بە (دەرخەر)ی پاش (دەرخراو) دەڵێت: بەهۆی ئیزافەوە بەدەرخراوەوە دەلکێنرێت. کە لەم چەشنە پێکهاتەیەدا لە پەیوەندی (ئەتریبوتیڤی)دایەو یەکەم شوێن دەگرێت، ئەنجا نیشانەی ئیزافەی (i-) دێت، کە لە (جێناوی نسبی (i) (ئەوەی)یەوە وەرگیراوە، پاشان (دەرخەر) بەدوای ئەمانەوە دەلکێندرێت، وەك:

āpān i sart (ئاوە ساردەکان)

لە حاڵەتێکدا، ئەگەر لە دەرخەرێك، زیاتر بوو، ئەوا بەدوای یەکتریدا، دێن، وەك:

pīl i spēt i ārāstak (فیلی سپی ڕازاوە)

---

٢٦- دکتر خسرو فرشیدورد، ص١٠٤.

٢٧ - ر. ابرامیان، فەرهەنگی پەهلەوی- فارسی – ئەرمەنی – ڕووسی – ئینگلیزی، یریڤان، ١٩٦٥، ل٣١٨.

٢٨- دکتر خسرو فرشیدورد، ص١٠٤.

لەم ڕیزبوونانەدا، ئەگەر (دەرخەر)ی دەربڕی (خاوەنێتی) بوو، ئەوا، دەچێتە دوای (دەرخەر)ی (کوالێتی)یەوە، وەك:

pus i mas i ArSavān (کوڕی گەورەی ئەردەوان)،

kunišn i nēvak i to (کردەوەی چاکی تۆ).[29]

## سروشتو میکانیزمی پێکهاتەی فرێزی بێئیزافەو ئیزافە لە کوردیدا

### ١- فرێزی بێئیزافە

وەك، پێشتر، نیشانمان دا، لەمێژووی قۆناغەکانی گەشەسەندنی زمانە ئێرانییە کۆنو ناوەڕاستەکاندا، کۆنترین یاسا کە (دەرخەر)ی بێکۆنجێکشن بە (دەرخراو)ەوە بەستووەتەوە، ئەمە بووە: (دەرخەر + دەرخراو)

وەك زانیمان، هەر لەو زمانانەدا، ئەگەر بهاتایە (دەرخەر) دەربڕی ئەم بابەتانە بوایە: (جێناوی ئیشارەت، ژمارە، ئاوڵناوی پلەی باڵا) ئەوا، نەك هەردەبوایە، بەڵکو مەرج بوو، فرێز هەر بەپێی یاسای: (دەرخەر + دەرخراو) پێکبهێنرایە.

سازکردنی فرێزی بێئیزافە لە کوردیشدا بەگوێرەی خۆبەستنەوەو پێڕەوی کردنی ئەو یاسا کۆنە، تا ئەمڕۆش کاری پێدەکرێت وەك:

| ئـــــەم | پیـــــاوە، | ئـــــەو | بـــــاخە، | چـــوار | کـــــەس، | جـــوانترین | گـــــوڵ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دەرخەر | دەرخراو | دەرخەر | دەرخراو | دەرخەر | دەرخراو | دەرخەر | دەرخراو |

### ٢- فرێزی ئیزافە

ئاشکرایە کە لە دیالێکتی خواروودا، فرێزی ئیزافە بە پێی یاسای:{دەرخراو+(نیشانەی ئیزافە)+ دەرخەر} ڕێك دەخرێت. نیشانەکانی ئیزافەش بەگوێرەی بارودۆخو چەشنی پەیوەندی واتایی دەرخەر بە دەرخراوەوە (٢) دوانن کە ئەمانەن:

أ- {-ی (i-)}دوای دەرخراوی کۆتایی هاتوو بە کۆنسۆنانت، {- یی (yi-)} دوای کۆتایی هاتوو بە ڤاوڵ. بۆ نموونە:

منداڵی ساوایی شیرەخۆرە.

منداڵێکی ساوایی شیرەخۆرە،

پیاوانی گەڕەکی ئێمە.

ب- {ە- (ə-)} لەو حاڵەتەدا بەکاردێت کە دەرخراو بە (-ەکە) دیاریکراوبێتو (دەرخەر)یش، دەربڕی کوالێتی بێت. لێرەدا، نیشانەی دیاریکردن دەچێتە سەر دەرخەرو ئەگەر لەدەرخەرێکیش، زیاتر بوو، ئەوا دەپەڕێتە سەر دوا دەرخەر، وەك:

[29]- ڤ. س. ڕەستەرگۆیڤا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٧.

ئاوە پاکە ڕوونە ساردەکە.

وەك دەزانین ئەمڕۆ لە دیالێکتی خوارووودا حساب بۆ جنسی نێرینەو مێینەی دەرخراو، یا تاكو كۆی ناركرێت، (دەرخەر) دەربڕی چ بابەتە واتاییەك بوو، ئەوا یەکێك لەو دوو نیشانەیە هەڵدەبژێرێت، بەڵام لەدیالێکتی سەروودا، مەسەلەی دروست کردنی فرێزی ئیزافەو نیشانەکانی ئیزافە جیاوازییەکی بەرچاویان بەبەراوردکردنیان لەگەڵ خوارووودا، هەیە.

لێرە – لەسەروو– (تاكو كۆیی، دیاریکراوییو دیاری نەکراویی، جنسی گراماتیکیی) (دەرخراو) لەگەڵ چەشنی (دەرخەر)، ئایا دەربڕی (کواڵیتی)یە، یا (خاوەنێتی)یە، ئەوانە هەموویان لە ڕێکخستنی فرێزی ئیزافە، دەور دەبینن.

(باکایێڤ) دەربارەی فرێزی ئیزافەو نیشانەکانی لە زمانی کوردی یەکیەتی سۆڤێتدا، نووسیویێتی: نیشانەکانی ئیزافە پێنجن، کە ئەمانەن: (-e, -a, -i, -ə, -б) واتە {(–ێ، –ا، –ی، –ە) (لەگەڵ ئەو ڤاوڵەی کە لە ڕێنووسی ئەمڕۆی خوارووودا پیتی بەرامبەر نییە، بۆ نموونە لەبابەتی ئەم وشانـــەدا: (دڵ d<u>ō</u>l)، (تل t<u>ō</u>l)، (کردن k<u>ō</u>rd<u>ō</u>n)و زۆری تریشدا، ئەکتیڤانە لەسازکردنی بڕگە لەکاردایە (نووسەر)}

چواری یەکەمیان لە گشت دیالێکتەکانو زمانی ئەدەبیدا بەکاردێن، نیشانەی پێنجەمیان (-б) لەنیمچە دیالێکتی تورکمانستانو ئازربایجاندا، بەکاردێت.

نیشانەی (–ێ، -e) لە جێناوی نسبی (–یێ، -ye)ی تاکی جنسی نێرینەوە، هاتووە.

نیشانەی (–أ، -a) لەجێناوی نسبی (–یا، -ya)ی تاکی جنسی مێینەوە، هاتووە.

نیشانەی (–ی، -i)لە جێناوی نسبی (هی، hi)ەوە، هاتووە.

نیشانەی (-б) کورتکراوەی نیشانەی (–ی، -i)یە.

ئەم نیشانانە بەپێی جنس، دەکرێن بە دوو (٢) گرووپەوە:

(–ێ، –ی، -e, -i) بۆ جنسی نێرینە.

(–ا، –ە، -a, -ə) بۆ جنسی مێینە.

بۆنموونە: زمانێ دێ، لەخوارووو دەبێت بە (زمانی دایك) {دەرخراو نێرینەیەو یەك دەرخەر}

سیڤــا سۆر (دەرخراو مێینەیەو یەك دەرخەر)

لەم نموونانەشدا، (دەرخراو)و ڕیزێك (دەرخەر)ن، کە بەپێی جنسی دەرخراوەکە نیشانەی یەکەمو دووەمی ئیزافەی ئەو جنسەیان، وەرگرتووە:

١– هەڤالێ منی لاپی عەزیز هاتییە. (ڕیزی نێرینەی تاك)

لەخوارووودا ئەم ڕستەیە دەبێت بە: ئازیزترین هەڤاڵی من هاتووە.

٢– کەچکا منــە قچکــە نازك دگری.[٣٠] (ڕیزی مێینەی تاك) لەخوارووودا، دەبێت بە: کچی بچکۆلەی ناسکۆڵەی من دەگری.[٣١]

---

[٣٠]– چ. خ. باکایێڤ، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٤– ٩٨.

[٣١]– ئێمە تەنیا نیشانەکانی ئیزافەی ناوی نێرینەو مێینەی تاکمان لەسەروودا، نیشان داوە، لەبەرنەبوونی پەیوەندی نیشانەکانی ناوی کۆی ئەو دیالێکتەوە بەباسەکەمانەوە، نەچووین بەلایاندا.

دوای سەرنجدان لە پێکهاتەی ئیزافەو نیشانەکانیان لە سەروو و خوارەوودا، دەتوانین بڵێین:

١- سروشتو میکانیزمی پێکهاتنی فرێزی ئیزافەو نیشانەکانیان لە کوردیدا لەڕووی ئێتمۆلۆژییەوە، داکەوتەو بەردەوامیی هەر ئەو چەشنە فرێزە ئیزافەو نیشانانەیە کە لە زمانە ئێرانییە کۆنو ناوەڕاستەکاندا، سەریان هەڵدا، ئەو کۆمەڵە نیشانەیە کە لە کوردی ئەمڕۆشدا، کاردەکەن، تێکڕایان وەچەو ڤەریانتی نیشانەی (-هیا، hya-) ئێرانی کۆنو (-ی i-)ناوەڕاستن.

٢- نیشانەی سەرەکی خواروو کە (-ی)یە، هەر ئەو (-ی)یەی سەرووە کە لەوێ نیشانە پلە دووی ریزی ناوی نێرینەی تاکە.

٣- نیشانەی (-ە)ی خوارووش، هەر ئەو (-ە)ی سەرووە کە لەوێ نیشانەی پلەدووی ڕیزی ناوی مێینەی تاکە.

## پرۆسەی بەلێکسیکبوونی فرێزی بێئیزافەو ئیزافەو یەکسان بوونیان بە وشە

سیفەتی گرنگو تایبەتی فرێزی قایمکراو بەستراوەتەوە بە:

یەکەم: بەچەمکی هەمیشە سابیتو چەسپاوی لێکسیکیی کۆمپانێتەکانیەوە.

دووەم: بەچەمکی پێوەنووساویی و چەسپبوونیی ستراکچەری لە سستێمی زماندا.[٣٢]

### ١- بەلێکسیکبوونی فرێزی بێئیزافە

ئەم جۆرە فرێزە کراوەیە بەپێی یاسای (دەرخەر + دەخراو) بێکۆنجێکشن لە زمانە ئێرانییە کۆنەکاندا، بنیات نراوە، وەك دەرکەوتووە کۆنترینو سەرەکیترین ڕێگای سازکردنی فرێز بووە، بەڵام پاش سەرهەڵدانی فرێزی ئیزافە بەگوێرەی یاسای {دەرخراو + (نیشانەی ئیزافە)+ دەرخەر}کە تیایدا شوێنی دەرخەرو دەرخراو پێچەوانەی فرێزی بێئیزافەیە. بەرەبەرە پێزو سنووری بەکارهێنانی جارانی نەماوەو بەرەو تەسکبوونەوەو گرژبوونەوەو کزبوون چووە، تا وای لێهاتووە، ئەوساو ئێستایش، تەنیا لەهەندێ پەیوەندی سینتاکسیدا، پەنایان بۆبراوەو دەبرێێت بەتایبەتی کە دەرخەری دەرخراو جێناوی ئیشارەت، یا ژمارە، یا ئاوڵناوی پلەی باڵا بێت.

دوای بەسستێمبوونی، ئەم جۆرە فرێزە لەزماندا، ئەنجا وەك کەرەسەیەکی سینتاکسیی پێشتر دروستکراو، قایمکراوەو بەئامادەکراویی لەزار هاتۆتە دەرەوەو سەرلەنوێ بەرهەمهێنراوەتەوەو بەشداری لە پرۆسەی (ناونان)دا، پێکراوە.

بەبۆچوونی ئێمە، پێکهاتەی بابەتی: (دووپشك، دووکلکە، هەزارپێ، چل چرا، سێپا، ڕەشماڵ، ڕەشمارو.....) کە زۆربەیان کۆنەساڵەو بەتەمەنن، بەرهەمی سەردەمی برەوی ئەو فرێزەن کە

---

[٣٢]- س. ڤ. خۆشینۆڤا، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢.

بەتەنیا خۆی لە ساحەی سینتاکسدا، بووەو پاش قایمکراوییان، بەرەو بەلێکسیکبوون ڕۆیشتوون‌و یەکسان بوون بە وشە.

## ٢- بەلێکسیکبوونی فرێزی ئیزافە

پاش بەسستێم بوونی فرێزی ئیزافەی کراوە بەرەبەرە بەقایمکراویی بە شێوەیەکی فراوان لەوساوە تا ئەمڕۆ لە پڕۆسەی ناوناندا، بەتایبەتی دوای ئەوەی تەنگیان بە فرێزە بێ‌ئیزافەکان هەڵچنیوە، بەردەوام سوودیان لێ بینراوەو دەبینرێت.

ئەم فرێزانە بەگوێرەی نیشانەی ئیزافەکانیان، دەشێ بکرێن بە (٢) دوو بەشەوە:

١- بەبەشداری نیشانەی (-ی)، وەك: داری سێو.

٢- بەبەشداری نیشانەی (-ە)، وەك: دارە سێو.

بەبۆچوونی ئێمە فرێزی قایمکراویی ئیزافە کە یەکسان بووە بە وشەو هەندێ جاریش تا وشەی گران نەوەستاوە، بەچەند قۆناغێکدا، تێپەڕیوە. لەسەرەتاو قۆناغی یەکەمدا فرێزی ئیزافەی کراوە بەیارمەتی نیشانەی (-ی) دروست کراوە کە کورتکراوەی نیشانەی (هیا)ی کۆنە، ئەنجا بەیارمەتی نیشانەی (-ە) کە لە جێناوی نسبی (یا، ya)وە هاتووەو تاکو ئیستا لە سەروو بۆ ڕیزی مێینەی تاك کاری پێدەکرێت، سازێنراوە. دەتوانین ئەم پرۆسەیە بەم شێوەیە، نیشان بدەین:

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| داری سێو | > | داری سێو | > | دارەسێو | > | دارسێو |
| فرێزی کراوە | | قایمکراو | | قایمکراو | | وشەی گران |
| قۆناغی یەکەم | | قۆناغی دووەم | | قۆناغی سێیەم | | قۆناغی چوارەم |

لەڕاستیدا، دوای بەسستێم بوونی فرێزی ئیزافە لە سینتاکسدا، ئەنجا بە گوێرەی پێویستی کۆمەڵ بۆ پرۆسەی ناونانی نوێ، قایم دەکرێن‌و سەرلەنوێ بەرهەم دەهێنرێنەوە، بەڵام مەرج نییە بۆ هەموو حاڵەتێك بەو قۆناغانەدا، تێپەڕێنرێن، واتە بۆ گشت جارێك، پێویست ناکات بەکراوەیی دەست پێ‌بکات‌و بەقایمکراویی کۆتایی پێ‌بێت، بەڵکو بەپێی ئەو سستێمە سینتاکسییەی خەڵکی لە زمانەکەیاندا گوێیان پێ‌ڕاهاتووەو پەیڕەوی دەکەن، وەك فرێزێکی قایمکراویی یەکێك لەو قۆناغانە، ڕاستەوخۆ نەك قۆناغ بەقۆناغ، دەسازێنرێن‌و بەشدارییان لەناوناندا، پێ‌دەکرێت.

بەپێویستی دەزانین، ئاماژە بەو دیاردەیە بکەین کە لەئەنجامی زۆر بەکارهێنانی هەندێ فرێزی قایمکراو کە بە (-ەکە) دیاریکراون، ئەویش لەبەر زانراویی‌و ئاشکراییان لای خەڵکی دەرخراوەکانیان بەر بەرداشی ئیکۆنۆمی، کەوتوون‌و پەڕێنراون‌و کورتکراونەتەوە، ئەمانە هەندێکن لەوانە کە دەکرێت بەم شێوەیە، ئەو گۆڕانانە نیشان بدەین کە بەسەریاندا، هاتوون:

بازاڕی بەربەلەدێ > بازاڕی بەربەلەدێکە > بەربەلەدێکە.

بازاڕی دەبۆ > بازاڕی دەبۆکە > دەبۆکە

ساڵی مەنع تەجول > ساڵی مەنع تەجەولەکە > مەنع تەجەولەکە

ساڵی گرانی > ساڵی گرانێکە > گرانێکە

ساڵی کوڕەو > ساڵی کوڕەوەکە > کوڕەوەکە

گەڕەکی گردە بڕاو > گەڕەکی گردەبڕاوەکە > گردە بڕاوەکە

ئەوەش، ڕووی داوە کە لە فرێزێکی قایمکراودا کە لەبنجدا لەدەرخەرێك زیاتری تیادابووە (دەرخراوو دەرخەری یەکەم) پەڕێنراون، وەك:

گەڕەکی مەعمەلی شەکر > گەڕەکی مەعمەلی شەکرەکە > شەکرەکە

## بەرهەمی فرێزی بێئیزافەو ئیزافەی قایمکراو

یەکێك لەو گەنجینە گەوهەرینو پڕبەهاو چستو چالاكو لەبن نەهاتووانەی کە لەناو کەرەسە سینتاکسییە پێشتر ئامادەکراوەکاندا، مرۆڤ بە بەردەوامی بەرهەمیان دەهێنێتەوەو تا ئەمڕۆ لەپرۆسەی ناوناندا، پەنایان بۆ دەباتو چەندەها گۆڕەپانی پانو بەرینو فراوانیان لەبواری واتایی هەمەڕەنگدا لە فەرهەنگدا، گرتووەو هەمیشە سابیتو خۆڕاگر بەسەر زاری خەڵکیەوەنو بێڕاوەستان پڕکەرەوەی پێویستییە ڕۆژبە ڕۆژەکانی نەك تەنیا، فەرهەنگی کوردییە، بەڵکو هی زۆربەی زمانە ئێانییە نوێکانی تریشن، (فرێزی قایمکراو)ە.

ئێمە لەم باسەماندا بەپێی کۆنیو تەمەنی یاسی لەیەکدانی کۆمپانێنتەکانی پێکهاتەکانو نیشانەکانی ئیزافەی ئەمڕۆیانو بواری بەکارهێنانو واتایان بەم دیاگرامە، دابەشیان دەکەینو دواتر نموونەی تەواویان بۆ دەهێنینەوە:



## بەرهەمی فرێزی قایمکراوی بێئیزافە

بەر لە نیشاندانی بەرهەمەکان بەپێویستی دەزانین، سەرنجتان بۆ ئەم خاڵانە ڕابکێشین:

١- لێرە لەبەر سنوورداری باسەکە، بۆ فرێزی بێئیزافەی قایمکراو لە هێنانەوەی نموونەی زۆردا، ناچارین، دەم بگرینەوە.

٢- جۆری ئیدیۆمو نا ئیدیۆمو بەشێکیش لەزاراوە کە لەبواری ئاساییدا بەکاردەهێنرێن، هەندێ زاراوەش کە لەبواری ئاساییەوە پەڕێنراونەتەوە بۆ بواری زاراوە کە بەنسبەت زمانی کوردییەوە ئەوەندە کۆن نین، تاکو ئێستاش بەواتا ئاساییێکانیشیان، هەر بەسەر زمانی خەڵکیەوەن، لەبەرئەوە، ئێمە لە (بواری ئاسایی)یەوە، نموونەی بۆ ناهێنینەوە:

**ئــــــیدیۆمیی:**

(یەك ڕوو، دووڕوو، حەوت ڕوو، حەوت برۆ، یەك باڵ، بەدخو، تەڕپیر، کەڕپیاو، فەقیرحاڵ، تەنیاباڵ، تالاّو و......)

**نائیدیۆمیی:**

گولاّو، شەکراو، دۆشاو، بەفراو، ماستاو، زراو، چڵکاو، دوولۆ، دووفاق، چوارباخ، چوارمشقی، هەندێکیش لەدەرخراوی ئەم فرێزانە لە حاڵەتی کۆدان، وەك: دووڕێیان، سێڕێیان، چوارڕێیان، دووکانییانو......

**زاراوە:**

(**سەربازی**): یەك خەت، دوو خەت، سێخەت، یەك نەجمە، دوونەجمە، سێنەجمە، یەکتیر، پێنج تیر، چواردەخۆر.

(**ماتماتیکی**): سێگۆشە، چوارگۆشە.

(**زیندەوەرزانی**): ڕەشمار، مارماسی، دووڕەگ.

(**وەرزشی**): یەك باز، سێباز.

(**هونەری**): سێپێیو دووقۆڵیو......

## بەرهەمی فرێزی قایمکراوی ئیزافە

لەڕاستیدا، لەبەر سنوورداری مەودای باسەکە ئەگەر لە هێنانەوەی نموونەی بەرهەمی فرێزە بێئیزافەکاندا، جارێك دەممان، گرتبێتەوە، ئەوا لەبەر زۆریو بەرهەمەکانی فرێزی ئیزافە کە لە ژمارە نایەن، دەبێت هەزارجار، دەم بگرینەوە.

**نموونەی بەرهەمی فرێزی قایمکراوی ئــــــیدیۆمیی:**

گوێی ڕووبار، باڵی تەیارە، لووتی ئۆتومبیل، پشتی کورسی، قاچی کورسی، چاوی مێز، دەمی ئەشکەوت، ڕۆژی ڕەش، ڕۆژی تەنگانە، برای تەنگانە، بەختی ڕەش، کلکی دوژمن، کلیلی عەقڵ، بیری تیژ، درۆی شاخدار، کەڵەشێری سەربارەدار، بەڵای ناگەهان، ئاگری قودرەت، سەری بێڕزق،

ماستی مەیوو، سووری بەرلەشکر، دەردی دڵو....

**نموونەی بەرهەمی فرێزی نائیدیۆمیی قایمکراو:**

**١- بە یارمەتی نیشانەی (-ە):**

بەردەقارەمان، گوڵەگەنم، گوڵەمێخەك، ڕاوەکەو، ڕاوەکەروێشك، ڕاوەبەراز، ڕاوەژیشك، شارەزەردەواڵە، شارەمێرووله، کورەهەنگ، بێچووەکەو، بێچووەچۆلەکە، بێچووەگا، جاشەکەر، ئەسپەشێ، ئەسپەکوێت، شەڕەسەگ، شەڕەپشیلە، شەڕەکەڵەشێر، جلەکۆنە، کونەمار، کونەدەرزی، کلکەبێڵ، کلکە خاکەناز، کلکە دەمانچە، کلکە تفەنگو......

**٢- بە یارمەتی نیشانەی (-ی):**

(**لەش**): دانی شیری، پشتی سەر، پێستی سەر، مووی لووت، پاژنەی پێ، نووکی پێ، پێڵووی چاو.

(**خواردەمەنی**): نانی تیری، نانی هەورامی، ئاردی سفر، ئاردی بۆمبا، ماستی مەڕ، ماستی مانگا، ماستی بۆکز، پەنیری یاخیان، زەردێنەی هێلکە، برنجی کوردی، برنجی بازیان، برنجی چەوتان، نیسکی مۆریاس، ڕۆنی خۆماڵی، حەڵوای گەزۆ، گوێزی هەورامان، کفتەی سابونکەران، قوبڵی سوور، قووبڵی ساوەر، ڕێواسی کەلیخان، خەیاری سامەڕا، ترۆزی شارەزوور، شوتی عوزێم، کاڵەکی شەمەووێلکە، شەربەتی مێوژ، هەناری ساڵح خانی، ماسی برژاو، مریشکی برژاو، لیمۆی بەسرە، خورمای خەستەویی، ڕۆنی حلەو.....

(**جل‌وبەرگ**): کەوای پوولەکە، ڕانك‌وچۆغەی شاڵ، جلی بووکێنی، گۆرەوی خوری، گیرفانی بن باخەڵ، کراسی بێ‌قۆڵ، جلی مەکتەب، جلی ئیش.....

(**کەل‌وپەل**): قۆری شوشە، مەنجەڵی تیڤاڵ، پیاڵەی زەڕلی، مەکینەی قیمە، غەسالەی حاجەت، غەسالەی جل، مێزی نان خواردن، کەوچکی چێشت، کەوچکی قاوە، سوراحی شووشە، پانکەی بن میچ، عەلاگەی جل، جانتای جل، جانتای دەست، جانتای مەکتەب، قاپی پلاستیك، سندوقی نان، قتوی شەکر، قتوی چا، سینی فافۆن، سینی مسو......

(**خشڵ**): گوارەی ئاڵتون، موستیلەی ئاڵتون، پشتێنی ئاڵتون، پشتێنی لیرە، لیرەی ڕەشادی، لاگیرەی ئاڵتون، ملوانکەی ئاڵتون، تاقمی ئاڵتون، بازنی ئاڵتون، پاوانەی ئاڵتون.....

(**شوێن**): مزگەوتی گەورە، مزگەوتی بەرخانەقا، مزگەفتی چۆلی، باخی گشتی، چاخانەی شەعب، چاخانەی مچکۆ، چاخانەی حەمەڕەق، چێشتخانەی دەروێش، چێشتخانەی عەلی سوور، کەبابخانەی خەلفەفەرەج، کەبابخانەی خەلفە حەسەن، کەبابخانەی عەباس ئەبو شوارب، حەمامی موفتی، حەمامی شێخ مارف، حەمامی قشڵە، حەمامی سورەت، حەمامی فاتمەخان، تونێلی دەربەندیخان، سەدی دەربەندیخان، سەدی دوکان، چەمی تانجەرۆ، ژووری میوان، ژووری نووستن،

خەستەخانەی تەواری، شاری یای، دەربەندی بازیان، دەربەندی ڕانیە، گردی سەیوان، گردی شێخ محێدین، گردی مامەیارە، گردی جۆگا، سەیرانگای دوکان، قەڵای مەریوان، دایرەی کارەبا، چاپخانەی کامەران، گەڕەکی کانێسکان، گەڕەکی سەرشەقام، گەڕەکی مەڵکەندی، گەڕەکی سابونکەران، گەڕەکی گۆیژە، گەڕەکی قولە، گەڕەکی باداوە، گەڕەکی سێتاقان‌و.......

(**ڕووداوی مێژوویی**): شەڕی چاڵدێران، میرنشینی بابان، حکومەتی شێخ مەحموود، کۆماری کوردستان، شۆڕشی بارزان، شۆڕشی ئەیلول، بۆردومانی سلێمانی، کیمیابارانی هەڵەبجە، ئەنفالی کوردو.....

(**بۆنە**): جەژنی ڕەمەزان، جەژنی قوربان، جەژنی مەولود، جەژنی نەورۆز، جەژنی دایک، یادی ڕاپەڕین.

(**پیشە**): مەلای مزگەوت، مامۆستای سەرەتایی، کرێکاری بەلەدیّ، دکتۆری دان، وەستای کاشی، ئەندازیاری کارەبا و.....

چەندەها بابەتی تر کە سنوورداری باسەکە ڕێگانادات بەنیشاندانیان.

## بەرهەمی فرێزی قایمکراوی ئیزافە کە بوون بە زاراوە:

یەکێك لەڕێگا هەرە بە بەرهەمەکان لە سازکردنی زاراوەدا، پشت بەستنە بەفرێزی ئیزافە کە بە یارمەتی (-ی) پێك بێت، لەبەرئەوە بەشێکی زۆری زاراوە کوردیێکانی کۆن‌و نویّ لەسەر بناغەی فرێزی ئیزافە سازێنراون، ئەمانە بەشێکیانن.[٣٣]

(**زمانەوانی**): دەنگی کۆنسۆنانت، دەنگی ڤاوڵ، ناوی گشتی، ئاوڵناوی چۆنیەتی، واتای گراماتیکی، ڕستەی ئاسان، وشەی گران، زانستی زمان، ڕەگی ڕابووردوو، ئەسپێکتی کار، فرێزی ناوی‌و....

(**ئەدەبی**): کێشی عەروز، کێشی پەنجە، شیعری حەماسی، شیعری دڵداری، پەخشانی ئەدەبی، ئەدەبی منداڵان، وەزن‌و قافیەی شیعر، شاعیری میللی‌و.......

(**هونەر**): بەرهەمی هونەری، کاری هونەری، ناوی کەوانە، مێژووی هونەر، گەردنی ستوون‌و.....

(**ئامار**): کۆی هێزەکان، گۆڕینی هێزەکان، پەیوەندی فرەبەش، خشتەی فرەگونجان، کۆکردنەوەی هەڵە...

(**ئابووری**): بازاڕی ئازاد، مافی بەشدار، زیانێکی دیاریکراو، پێوەری ڕێژەیی، کاتی پێوانەیی، باجی دەرامەت، باجی خان‌وبەرە‌و....

(**کیمیا**): کلۆریدی سۆدیۆم، گۆگردی کارا، فۆسفاتی ئاسنیك، نیتراتی پۆتاسیۆم، کلۆریدی ئەستیل‌و....

---

[٣٣]– بەشێکی ئەم زاراوە زانستیانەم لەمامۆستا جەمال عەبدول بەنووسراو، وەرگرتووە.

(**کیمیایی ناوەکی**): وزەی بەستنەوەی ناوەکی، کورەی ئەتۆمی، هێزی ناوکی، کارلێکی ناوکی، تیشکی کارۆموگناتیسی.....

(**فیزیا**): کلافەی سەرەتایی، تەزووی سەرەتایی، شەبەنگی سەرەتایی، پوختیی ڕەنگ، چڕیی پێوانەیی، دۆخەکانی مادە، کارلێکی چوون یەك، کارلێکی ناچوونیەکو.....

(**بیرکاری**): جوولەی بەردەوام، زنجیرەی بێکۆتایی، کەلێنی هەلاوسان، چرکەی سەدی، ڕووی ئەندازەیی، نرخی داشکاندن، بانکی داشکاندنو........

(**تەندروستی**): قەفەزی سنگ، بۆری هەناسە، دەماری دڵ، خڕۆکەی سوور، خڕۆکەی سپی، بەردی گورچیلە، ئاوی سپی، سپێنەی چاو، ڕەشێنەی چاو، چالایی چاو، منالی پەردە، عەمەلیاتی قەیسەری، عەمەلیاتی مەیدانی......

لەگەڵ چەندەها زاراوەی بواری زانستی تر، کە لێرەدا، ناتوانین نیشانیان بدەین.

## ئەنجام

١- یەکێك لەو ڕێگا ئونیڤەرسالانەی کە فەرهەنگی زمانانی جیهان لەناویشیاندا، فەرهەنگی زمانە ئێرانییە کۆنو ناوەڕاستو نوێکان کە کوردی یەکێکە لێیان بۆ دەوڵەمەندکردنی خۆیان لە پرۆسەی (نیۆلۆگیزم)دا، لە دێرزەمانەوە گرتوویانەتە بەر (وشەسازی بەڕێگای سینتاکسیی)یە.

جەوهەرو ئامانجی سەرەکیی ئەم ڕێگایە بەهاناهاتنی فەرهەنگو پشت بەستنی زمانە بەخۆی لە پرۆسەی ناوناندا کە بەردەوام ڕووبەڕووی دەبنەوە، ئەویش بە بەرهەمهێنانەوەی سەرلەنوێی ئەو کەرەسە سینتاکسییانەیە کە پێشتر لەزماندا، ئامادەکراونو ئاڕاستەکردنیانە بەرەو بەلێکسیکبوون.

لە کوردیدا، بەتەمەنترینو گونجاوترینو گورجترینو ئەکتیڤترینو بەبەرهەمترینو لەبارترین کۆنە پێکهاتەی بە سستێم بووی سینتاکسیی کە توانیبێتی لە گەشەکردنو پەرەسەندنی فەرهەنگدا، ئەو دەورە ببینێت، فرێزی بێئیزافەو ئیزافەی قایمکراون لەو دوو جۆرەشدا، قورسایی سەرەکی کەوتۆتە سەر فرێزی ئیزافەی قایمکراوی نائیدیۆمیی.

٢- لەدێرزەمانەوە لەپرۆسەی ناوناندا لە زمانە ئێرانییە کۆنو ناوەڕاستو نوێکاندا، ئەو فرێزانە بەرهەمهێنراونەتەوە کە بە پێی ئەم دوو یاسایە کۆمپانێنتەکانیان، ڕێکخراون:

یەکەم: بەپێی یاسای (دەرخەر + دەرخراو)

دووەم: بەپێی یاسای{دەرخراو + (نیشانەی ئیزافە) + دەرخەر}

٣- لەناو فرێزە بێئیزافەو ئیزافە قایمکراوەکاندا کە سەرلەنوێ بەرهەمهێنراونەتەوە، نائیدیۆمێکان لە ئیدیۆمێکان بەبەرهەمترن. لەناو نائیدیۆمێکانیشدا، نائیدیۆمییە ئیزافەکان، بەرهەمیان لە بێئیزافەکان یەکجار زۆرترە، لەناو نائیدیۆمیە ئیزافەکانیشدا، چ لەبەکارهێنانی ئاساییو چ لە زاراوەسازیدا، ئەو گروپەی کە تیایدا بە یارمەتی نیشانەی (-ی) دەرخراو بەدەرخەرەوە بەستراوەتەوە بەکارترینو زیندووترینو بەبەرهەمترین جۆرن.

## سەرچاوەکان:

**یەکەم: بەزمانی کوردی**


- تۆفیق وەهبی، دەستووری زمانی کوردی، بەغدا، ١٩٢٩
- سەعید سدقی کابان، موختەسەری سەرف و نەحوی کوردی، بەغدا، ١٩٢٨.
- نوری عەلی ئەمین، ڕێزمانی کوردی، سلێمانی، ١٩٦٠


**دووەم: بەزمانی فارسی:**


- خسرو فرشیدورد، دستور مختصر تاریخی زبان فارسی، چاپ سوم، تهران، ١٣٩١.
- عبدالعظم قریب، جلال همایی، رشید یاسمی، ملك الشعرای بهار، بدیع الزمان فروزانفر، دستور زبان فارسی (پنج استاد)، چاپ پنجم، تهران، ١٣٨٩.


**سێیەم: بەزمانی ڕووسی:**


- ئی. ڤی. ئارنۆڵد، لیکسیکۆلۆژی ئەمڕۆی زمانی ئینگلیزی، مۆسکۆ، ١٩٥٩
- ئۆ.س. ئەخمانۆڤا، فەرهەنگی زاراوە زمانەوانێکان، مۆسکۆ، ١٩٦٦.
- د.ئێ. ڕۆزینتاڵ، م، ا. تیلینکۆڤا، فەرهەنگی ڕابەری زاراوە زمانەوانێکان، مۆسکۆ، ١٩٧٦.
- ر. ابرامیان، فەرهەنگی پەهلەوی – فارسی، ئەرمەنی، ڕووسی، ئینگلیزی، یریڤان، ١٩٦٥.
- ر. ا. بوداگۆڤ، لێکۆڵینەوە لە زمانەوانیدا، مۆسکۆ، ١٩٥٣.
- س. ڤ. خۆشینۆڤا، دانەکانی فرێزە ئیزافێکانی زمانی تاجیکی، دووشەنبە، ١٩٧١.
- چ. خ. باکایێڤ، فەرهەنگی کوردی – ڕووسی، مۆسکۆ، ١٩٥٧.
- چ.خ.باکایێڤ، زمانی کوردی سۆڤێت، مۆسکۆ، ١٩٧٣.
- ك. ر. ئەیووبی و ئی. ئا. سمیرنۆڤا، دیالێکتی کوردی موکری، لێنینگراد، ١٩٦٨.
- ك. ك. کوردۆیێڤ گراماتیکی کوردی (بەکەرەستەی دیالێکتی سەروو و خواروو)، مۆسکۆ، ١٩٧٨.
- ڤ. س. ڕەستەرگۆیێڤا، زمانی فارسی ناوەڕاست، مۆسکۆ، ١٩٦٦
- ڤ. ڤ. ڤینۆگرادۆڤ، وتار لە کۆکراوەی: مەسەلە سینتاکسییەکانی ئەمڕۆی زمانی ڕووسیدا، مۆسکۆ، ١٩٥٠.
- ن. ز. خاتەمی فەرهەنگی زمانی فارسی و ڕێگاکانی دەوڵەمەندبوونی، (کورتەی نامەی دوکتۆرا بەزمانی ڕووسی)، باکۆ، ١٩٦٨.
- ن. م. شانسکی، لێکسیکۆلۆژی ئەمڕۆی زمانی ڕووسی، مۆسکۆ، ١٩٧٢.
- ن. ن. پرەکۆپەڤیچ، فرێز لەئەمڕۆی زمانی ئەدەبی ڕووسیدا، مۆسکۆ، ١٩٦٦.
- یو. س. ستیپانۆڤ، بناغەی زمانەوانی گشتی، مۆسکۆ، ١٩٧٥

# ملخص البحث

يتخذ المعجم اللغوي لأية لغة من أجل تطوير وتنمية وإثـــراء نفسه طرقـــاً عدة في (العملية التجديدية Neologism)، وإحدى هذه الطرق هي:
(إعادة الإنتاج للمفردات اللغوية Reproduction)، وباتباع هذه الطريقة تقوم اللغة بمراجعة المكونات اللغوية الموجودة سابقا في معجمها لاستخدامها من جديد في (عملية التسمية) تلبية لحاجاتها المستجدة.

ومن ضمن المواد اللغوية التي أعيد إنتاجها من جديد العبارات النحوية التي خطت تدريجيا بعد استقرارها نحو المفرداتية (lexicalization) وتساوت مع الكلمة وتعادلت بها، وهذه أدت فيما بعد دورا فاعلا في تطوير اللغة الكردية بمساهمتها الفعالة في عملية التسمية.

وعلى الرغم من أهمية ومساهمة إعادة إنتاج العبارات ومفرداتيتها في إغناء وإثراء معجم اللغة الكردية إلا أنها لم تحظ بأن تطرح على طاولة البحث العلمي كبحث مستقل إلى يومنا هذا، فلم يشهد علم اللغة الكردية أبحاثا من هذا القبيل.
و يعد بحثنا هذا الأول من نوعه في تأريخ علم اللغة الكردية حاول أن يدرس طبيعة وجوهر العبارات غيرالمضافة والمضافة المستقرة ومفرداتيتهما، ونتاجهما في إطار علمي مستقل، في ضوء المنهج التأريخي المقارن.

و يقع هذا البحث في مقدمة وتمهيد ومبحثين فضلا عن النتائج، فالمبحث الأول: يبحث في إعادة الانتاج ودور (بناء الكلمة عن طريق النحو) في إثراء المعجم اللغوي.
وناقش المبحث الثاني: العبارة غير المضافة و المضافة المستقرة، و ثقلهما و نتاجهما في المعجم الكردي.

# Abstract

## The Impact of Lexicalized Phrases on Developing the Kurdish Lexicon

In order to develop and enrich itself through neologism, the lexicon of any language adopts any of several methods to do so including reproduction. Accordingly, a language goes over its previous ready-made structures to use them in a process called ‘naming’.

Among the reproduced linguistic materials, we can study the syntactic phrases which, after being fixed, have gradually become lexicalized; thus being equated to a word or lexical item, they have actively contributed to developing the Kurdish lexicon further.

To date, reproduction, lexicalized phrases and their contribution to developing the Kurdish lexicon have not received sufficient attention by Kurdish linguists particularly in terms of independent research studies. So, our present study is the first in the history of Kurdish linguistics. Drawing mainly from the historical comparative method, we have investigated into the nature and essence of both unmodified phrases and lexicalized phrases.

The study consists of two parts as well as the findings. The first part deals with reproduction and the role of ‘morphology through syntax’ in enriching a language’s lexicon. The second part discusses the unmodified phrase and the lexicalized phrase with their significance and productivity in Kurdish lexicon.